www.kurdistannet.org

24-10-2006 8:11بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

# بۆچی پال پشتی تاوان بار ئەگرن و داوای دادگایی بوتاوان باران ئەکەن ... باوکی هەلۆ گەرمیانی

1-گەلاٌریزان-2706ك

ئەوەی هەلسێ بەكارێكی نامرۆڤانە ودوور لە رەوشتی مرۆڤایەتی پێی ئەوترێ تاوان بار ئیتر ئەو كارە هەرچۆنێ بێ دژ بەمرۆڤێ بێ یاخود خێزانێك یاخود كۆمەلێك یاخود گەلێك بێ هیچ جیاوازی نیە وە بەپێی ئەو تاوانە ناوی لێ ئەنرێ

بۆنمونە گەر پیاوێك لەمالەكەی خۆیدا بەیەك چاو سەیری مندالەكانی نەكا لەهەموو روویەكی ژیانیانەوە ئەو تاوانە بەرامبەر خێزانەكەی وە هەروەها مامۆستا گەر جیاوازی بكات لەناو نەوجوانانی خوێندگا واتە (قوتابی یا خوێندكار)

ئەوە تاوانە ئەومامۆستایە ئەی كات وەهەروەها هەمووكە كەسێك لەكارەكەی خۆیدا گەر بەپێ چەوانەی كارەكەی خۆی كرداربكات ئەوە تاوانە. هەروەك چۆن لەناو دادگادا زۆر جۆر كەفالەت وە كالەت هەیە وەهەمووشی ئەگۆری بەپێی ئەو كارە وەهەر یەكەی جۆرە یاسایەكی بۆ تەرخان كراوە وە بەهەمووشیان ئەوترێ وەكالەت یاخود كەفالەت هەروەهاش تاوان هەروەهایە زۆر جۆری هەیە، وەهەمووشیان پێیان ئەلێن تاوان وەهەر جۆرەی سزایەكی بۆدانراوە؟؟.

وەنوسینەكە م دەربارەی ئەوەیە بۆچی پال پشتی هەندێ تاوان بار ئەگیرێ بەمەبەستی دەستبەسەرا نەگرتنی ئەوتاوانبارە یاخود پاكانەیەكی سیاسی بۆئەكرێ كەدوورە لەوتاوانەی كە بۆی دروست كراوە بۆنمونە غفوری برای نوسەر كاك حەمەسەعید حەسەن ئەوەماوەیەكی زۆرە كە غەفور هەلسا بە تەقەكردن لە براكەی لەشارێكی وەك سلیمانی وەلەناو جەرگەی بازاردا وەبەئاسانی دەرباز بوو وەئیستاش هەر لەناو شاردایە وەهەموو پارچە زەویەكی كوردوستان لەژێر ئیدارەی دەسەلاتی حكومەتی هەرێم دایە یاخود بە شێوەیەكی دی كە هەموو ناوچەی سلیمانی پۆلیس و ئاسایش ی سەر بە (ی ن ك) دەسەلات دارە بەلاٌم هەتا ئیستا نەیان توا نیوە غەفور دەست گیر بكەن و بیبەنە بەردەم دادگا تا بزانرێ بۆئەو كارەی كردوە وەگەر تاوان بارە با سزای تاوانەكەی خۆی وەر بگرێ؟ وەدور خستنەوەی غەفور لەدادگاو دەست بەسەرا نەگرتنی زۆر پرسیاری لەلای هەموو كوردیك دلسۆز بەخاك و نیشتمان دروست كردوە بەتایبەتی كە كاك حەمەسەعید ماوەیەكی زۆرە شاری سلیمانی بەجێ هێشتوە و نەگەراوەتەوە بۆ ئەوشارەی لێی پەروەردە بووە ئەوەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەو نوسینانەی دەربارەی سكرتێری (ی ن ك) وئەندامانی نوسیوێتی.... هەتـــــا؟؟ بۆیە زۆر كەس هۆی نەگرتنی غەفور ئەگێرێتەوە بۆ ئەوناكۆكیە.

وەهەروەها ئیدارەی كوردوستان بەتایبەتی هەردوو پارتی سەرەكی زۆر لەتاوان باران كە تاوانیان ئەنجام داوە دژ بە گەل ونیشتمانیان لەلای خۆیان حەشارداوەو بوونەتە قەلغانێك بۆیان بۆ داپۆشینی تاوانەكانیان لەبەر سوودبۆ پارتەكانیان وەك ( (مووستەشار و بەعسیەكان و فایل چیەكان و هەمووئەوانەی بۆ ساتێكیش بووبێ لەبەر بەرژەوەندی خۆی بەرژەوەندی كوردوستانی خستۆتە ژێر پێیەوە) ) وەبگرە ئیستاش هەموویان رێزی تایبەتیان بۆ دانراوە و لەزۆر كاری گرنگیان پێ بەخشی راوە ئینجا هیچ جیاوازیەك نیە بۆ كوردوستانیان ئەو تاوان بارانە كوردبن یاخود سەربە هەر قەومێكی تربن چونكە هەموویان تاوان بارن.

وەجێی سەرسورمانی هەموو مرۆڤێكی خاوەن هەستە كەئیستا لەگەرمەی دادگایی كردنی سەدام و هەندێ لەپیاوەكانین لەسەر تاوانی ئەنفال و كیمیاباران دەربارەی كورد وەهەموو سا یتە كوردیەكان و زۆرینەی كەنالە عەرەبیەكانیش سەرقالی ئەودادگاییەن وەزۆر بەوردی چاویان تێ بریوە وە هەموو

24-10-2006 8:11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ووتەیەکی شکات کاران و تاوان باران وورد ئەکەنەوە و قسەی لەسەر ئەکەن کەچی بەس بەتەنها سەرانی کوردن کە گوێی خۆیان لێ کەر کردوە دەنگیان دەر نایەت بەرامبەر بەوەی کە تاوان باران ناوی (نزار خەزرەجی و وەفیق سامەرائی) ئەهێنن کە دەستێکی گەورەیان لە تاوانانەدا هەبووە و ئیستاش سەربەرزن و بگرە دەسەلاٌت داریشن وەیەکێ کیشیان راوێژکاری مام جەلالە بۆکاری سەربازی وەهەروەها هەموو تاوان باران و شکات کاران باسی جاش و موستەشار ئەکەن کە چەند دەستی بالایان لەو کارە دا هەبوە وەتاوان باران ناویان ئەبەن بە کوردە دلسۆزەکان بەرامبەر یەك پارچەیی خاکی عێراق و شکات کارانیش ناویان ئەبەن بە خۆفرۆشان جاش وموستەشار و بەعسیەکان. ئەم پشت گیریەی لەزۆر لەتاوان باران ئەکرێ و هەندێ بەناوی دەست نەگیرگرتنی وەك غەفور و پاکانە بۆ هەندێ کیان کەخۆیان لەبەر بەرژەوەندی سیاسی هەندێ کەسیان ناردۆتە ناو رژێمەوە ئەوش نەك خۆیان ئاشکرای بکەن وەك کارێکی سیاسی لەبۆ بەرژەوەندی کوردوستان ئەوکەسانەیان ناردۆتە ناو رژێمەوە بگرە دوای ئەوەی کەلەلایەن دلسۆزانەوە ناوەکانیان ئاشکرابوو کە فایل چین و پیاوی رژێم بوون ئینجا دەستیان کرد بۆ پاکانە بۆیان کە ئەمانە شۆرش گێربوون لەناو رژێم دا. وەهەروەها نامەی پشت گیری ئەنوسن بۆ سامەرائی و خەزرەجی کە دلسۆزی کوردن و هیچ تاوانێکیان نەکردوە بەرامبەر کورد ؟؟

هەموو کوردوستانیان هاوار ئەکەن و ئەلێن دەبا لەسەر قسەی تاوان باران و شکات کاران ئەوانە بەرن بۆ بەردەم دادگا تا بزانرێ کێ تاوانی کردوە بەرامبەر بە کوردو کوردوستان با بەسزای خۆی بگات و ئیتر چی تر برسەر خاکی کوردوستانەوە نەسورێتەو و هەوای سازگاری کوردوستان کە هەلقەلاٌوی هەناسەی شەهیدانە هەل ئەمژێ وو ئیتر هیچ کەسێك نەتوانێ ببێ بەخۆفرۆش لەبەر بەرژەوەندی خۆی و یا پارتێك و یا چەند کەسێك. وەنە بردنی ئەو تاوان بارانە بۆ دادگا ئەبێتە جێی شك بۆ شاردنەوەی زۆر لە راستیەکان کە رویان داوە و کوردوستانیان بێ ئاگادارن. وە دادگا بۆیە دانراوە بۆ ئاشکرا کردنی تاوان و نهێنیەکانی تاوان و ئەوانە تاوان بارن سزابدرێن و ئەوانەی بێ تاوانن ئازاد بکرێن وە هیچ کەسێك نیە لەسەر رووی زەووی دەست نیشانی تاوان بار یا کەسیك کەتاوانبارێ بکات بێ جگە لە دادگا نەبێت؟؟ وەئەوەی پال پشتی تاوان بار بگرێ وەك تاوان بار مامەلەی لەگەل ئەکرێ. وەبۆئەوەی سەرانی کوردیش وەك هەموو شۆرش گێرانی جیهان ئەوانەی شۆرشیان کردوە بۆرزگاری گەلەکەیان چۆن دەست نیشانی تاوان بارانیان کردوە بەبێ جیاوازی رەگەزی یا ئاینی رەوانەی دادگایان کردوون تا بەسزای خۆیان بگەن هەر وەها پێویستە سەرانی کوردیشهەمان کاربکەن بۆئەوی شك نەمێنێ لەناو کوردوستانیان دا. !!!؟؟؟؟